هەواڵ
Hawal

No. (114) 4th Year 8 January 2005 | www.hewal.org | ژمارە (١١٤) ساڵی چوارەم ٨ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ - نرخ (٤٠٠) دینار

دامەزراندنی ڕێکخراوی خۆر ڕاگەیاندرا

پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٥/١/٥ لەهۆڵی شەهید سیروان تاڵەبانی ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی ڕێکخراوی خۆرەوە دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند،شایانی ووتنە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی نا حکومی NGO یەو پێشتر بەناوی (سەنتەری خاک)ەوە ناسرابوو و لەهاوینی پاردا توانی کۆمەڵێک چالاکی بۆ ژنان ئەنجام بدات،لەوانە نەهێشتنی نەخوێندەواری،دروەمان،برینپێچی،کۆمپیوتەر.هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەرەکە کە خاتوو "خەدیجە حسێن)ە،توانی پێنج لقی ئەو سەنتەرە لەگەڕەکە جیاوازەکانی شاری کەرکوک بکاتەوە و تائێستا ڕۆڵێکی چاکی گێڕاوە لەپێگەیاندنی ژنان لە کەرکوکدا.

بێگومان ناوی ئەم سەنتەرە لەگەڵ زۆر ڕێکخراوی تردا دووچاری تێکەڵاوبوون ببوو بۆیە وا بەچاک زانراوە ناوی ڕێکخراوی خۆری لێبنرێ.

بەعسییەك لە گەلاوێژدا

دیدارێکی تاییەت لەگەڵ

شاعیری گەورەی کورد بورهان بەرزنجی

لە لاپەڕەکانی(٢،٣،٤)ی پاشکۆی "پەڕەمووچ" ی

ئەم ژمارەیەی هەواڵ بخوێنەوە

یەکێتی پارەی نەبردۆتە هەندەران

لە ژمارەی پێشووی هەواڵ دا لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥)و لە لاپەڕە (١)ی پاشکۆی ئابووری (سەرمایە گوزاری) دا کە دەقی ئەو ڕاپورتەی (فاینەنشاڵی تایمز) کە لە ٢٠٠٤/١٢/١٠ بڵاوی‌کردبووەوە لە نوسینی (تۆماس کانات)و هاوکارمان ئاسۆ ئەحمەد لە ئینگلیزی‌یەوە کردبووی بە کوردی بە هەڵە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتووە کە گوایە بەشدار بووبێت لە گواستنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە لایەن (CPA) ەوە دراوەتە کوردستان‌و پاشان گواستراوەتەوە بۆ هەندەران.. ڕاپۆرتەکە ڕونی کردۆتەوە کە بڕی پارەکە (پتر لە نیو ملیار دۆلارە)و هی کوردەکانەو کۆمپانیایەکی ئەمریکی کاریگەر کە بنکەی لە واشنتۆنەو پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ پارتی کۆماری ئەمریکادا هەیە ماوەیەکە سەرگەرمی دانوستانە لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتی‌یەکان دابۆ ئاسانکاری‌و دانانی ئەو بڕە پارەیە کە کۆمپانیاکەش لەلایەن دووان لە یاریدە دەرەکانی سەرۆک بووش‌و سەرۆکی کۆمیتەی نیشتمانی کۆمارییەوە دامەزراوە، نوێنەرایەتی پارتی دیموکراسی کوردستان دەکات.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە (ی.ن.ك) جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بەهیچ شێوەیەك یەکێتی هیچ پارەیەکی نەبردۆتە دەرەوە وە بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەو پارەیە لەو بەشەیە کە بەر ئیدارەی هەولێر کەوتووەو گوێزراوەتەوە هەندەران ئەمە بەڕوونی لە ڕاپۆرتەکە داهاتووەو هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی (ی.ن.ك) ناکات‌و بگرە بەهەڵە لە پێشەکی وەرگێڕانەکەدا ناوی یەکێتی براوە بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەران‌و لە (ی.ن.ك) دەکەین‌و داواکارین کە بەدواداچوونی جدی بکرێت لەسەر گواستنەوەو دواتر چۆنێتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە کە بۆ خزمەتگوزاریەکانی کوردستان بووەو پاشماوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکەو مافی خەڵکی کوردستانە داوای ئەو پارەیە بکاتەوە کە تەرخان بکرێت بۆ گەشە پێدانی کوردستان‌و باشتر کردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان نەك بخرێتە بانکەکانی هەندەرانەوە.

حیزبەکان لە کەرکوك ناوێرن ناوی کاندیدەکانیان بۆ ئەنجومەنی کەرکوك ئاشکرا بکەن

لەدوا گۆڕانکاریەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا کوردەکان بەهاوکاری هاوپەیمانەکانیان لەحزبۆکە عەرەب‌و تورکمانەکان‌و مەسیحیەکان لیستێکی هاوبەشیان ئامادە کردوە بەناوی (قائمة کرکوك المتاخیة)وە عەرەبەکان تا ئێستا دوو لیستیان هەیەو بەرەی تورکمانیش لیستی خۆی هەیە.

ئەوەی جێی سەرنجە لیستە متاخیەکە تا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا نەکراوە.

(هەواڵ) لابەلا تەنها ناوی هەندێ لەکاندیدکراوەکانی یەکێتی زانیوە کەئەمانەن رزگار عەلی، ئەحمەد عەسکەری، کاکە ڕەش، گەلاوێژ جەباری، پاریزەر ئەلماس، هەوری تاڵەبانی.

چاودێرانیش پێیان وایە ناوەکان تەنانەت لەکادرە بەرزەکانی حزبەکانیش شاردراونەتەوەو لەبەر ئەوە ئاشکرا ناکرێن چونکە لەوە دڵنیانین لەلایەن قاعیدەی حزبەکان‌و جەماوەرەوە قەبوڵ بکرێن ڕاگەیاندنی ناوەکان بۆ کاتێك دەهێڵنەوە کادرو جەماوەریش بخرێتە بەردەم ئەمری واقیع.

(نائب ضابط تا رائد)ە کۆنەکانی سوپا کۆنەکە دەبێت بەیوەندی بەسوپا تازەکەوە بکەن

سەرچاوەیەك لەبانکێکی کەرکوکەوە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕێنمایی حکومەتیان پێ گەیشتووە بەوەی کە مووچەی ئەندامانی سوپای هەڵوەشاوەی عیراق لەپلەی (نائب ضابط)ەوە بۆ پلەی (رائد) نەدەن‌و ئاگاداریان بکەنەوە کە دەبێت لەماوەی (١٥)ڕۆژدا پەیوەندی بە سوپای نوێی عیراقەوە بکەن بە پێچەوانەوە دەردەکرێن.

ئەمەش لەگەڵ ڕاگەیاندنی سوپای تازەی عیراق‌و جەژنی دامەزراندنی سوپا کۆنەکە ڕاگەیەنرا.

هێزێکی پارتی پەلاماری گوندنشینەکانی مەنتکایەتی دەدات

سەر لەبەیانی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١/٦ هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی قەهاری سابیر عەلکە بەڕیسی سوپاو خەسرەو ڕەحمان مەنتك جێگری سوپاو خدر مەنتك بەڕیسی ناوچە پەلاماری دانیشتوانی گوندەکانی دوو شیوان‌و سەرمەزارو سۆڤی برایم‌و حەسەن موترب‌و لورکەی ناوچەی مەنتکایەتی دەدەن‌و دەست ناپاریزن لەژن‌و منداڵ‌و پیاو گەنجی گوندەکەو ئیهانەو بێ حورمەتی زۆر بەو خەڵکە دەکەن.

سەرچاوەیەك لەناوچەکە کە نەیوێرا ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە (هەواڵ)ی ڕاگەیاند هۆکاری ئەو پەلامارە ئەوەیە دانیشتوانی ئەو گوندانە ماوەیەکە چونەتە ریزی یەکێتیەوە ئێستا لەهەڵمەتی خۆئامادەکردنی خەڵکدا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا پارتیە مەنتکەکان بەتەمای ئەوەی فشار بخەنە سەر ئەو گوندیانە بۆ دەنگدان بەبریارێکی سەرەوە ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

بەرەی تورکمانی عێراق لەبەیاننامەیەکدا مەرایی لەبەردەم شیعەکان و سیستانی‌دا دەکات

بەرەی تورکمانی عێراق لەڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٩ دا بەیاننامەیەکیان دەرکردووەو تیایدا هاتووە(لەجوانترین وێنەی جێبەجێکردنی چەمکی یەکگرتندا گەلی تورکمان توانی بەئیرادەی ڕۆڵەکانی ئەم چەمکە بەرجەستە بکات ئەویش یەکخستنی هەموو حیزب و بزوتنەوە تورکمانیە دڵسۆزەکان لەژێر یەك ئاڵا ئەویش (ئاڵای بەرەی تورکمان عێراقە).شایانی باسە ئەم بەرەیە تورکمانە شیعەو سوننەکانی لەخۆگرتووە کەئەمەش پێچەوانەی بانگەوازەکەی سیستانی‌یە کەداوا دەکات دەنگ بۆ لیستی یەکگرتووی شیعەکان بدەن.بەیاننامەکە بۆ پاکانەکردن لە ئاست ئەم هەڵوێستەدا لەبڕگەیەکی‌دا دەڵێت:(مەرجعیەت خۆی بەلیستێکی هەڵبژاردنەوە پابەند نەکردووە بەڵکو هانی هەموو عێراقیەکان دەدات بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن)هەروەها لەشوێنێکی‌تردا ووتوویەتی(دەنگدانمان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ بەرژەوەندی تورکمانی عێراق مانای سەرپێچی کردنی بەرێز سیستانی نیە).

جێی باسە ئەم حیزبانەی خوارەوە بەرەی تورکمانی عێراقیان پێکهێناوە:

١.ئەنجومەنی تورکمان لە عێراق ٢.بەرەی تورکمانی عێراقی ٣.کۆمەڵەی عەشیرەت و پیاوماقوڵانی تورکمان.٤.حیزبی تورکمان ئیلی.٥.بزوتنەوەی تورکمانە سەربەخۆکان.٦.حیزبی نیشتمانی تورکمانی.٧.حیزبی عەدالەی تورکمانی عێراقی.٨.بزوتنەوەی وەفا.٩.بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمانی عێراق.١٠.یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق .

لەلایەکی‌ترەوە لقی بەرلینی بەرەی تورکمانی لەیاداشتێکیدا بۆ کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان لەبەروارى ٢٠٠٤/١٢/٢٢ داوایان کردووە شانبەشانی زمانی کوردی و عەرەبی زمانی تورکمانیش بەکاربهێنرێ،بەڵام کۆمیسیۆنی بالاً ئەم داوایەی ڕەتکردۆتەوە و پێی ڕاگەیاندوون کەلە دەستووردا تەنها زمانی کوردی و عەرەبی بەرەسمی زانراوە.

سیستانی لەپشتی پەردەوە هەوڵی دواخستنی هەڵبژاردن دەدات



سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە عەلی سیستانی مەرجەعی ئایینی شیعەکان بەنیازە دەستپێشخەرییەك بخاتەڕوو بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان تا وڵات لە ڕووداتی جیابوونەوەیەکی مەترسیدار دووربخاتەوە.بەگوێرەی هەواڵ لەم بارەیەوە،لەپشتی پەردەوە نامەبردن و نامەهێنان بەردەوامە،واش بڕیارە هەفتەی داهاتوو سیستانی چاوی بەوەفدێك لەو حیزب و کەسایەتیانە بکەوێ کەداوای دواخستنی هەڵبژاردن دەکەن.ئەمەو"مالك دوهان"ی وەزیری داد گەشبینی خۆی دەرخست بۆ ئەم هەنگاوەی سیستانی چونکە وڵات دوور دەخاتەوە لەشەڕو ئاژاوە،هەروەها "دوهان" ووتیشی کاتێك سیستانی داوای هەڵبژاردنی کرد وادەیەکی دیاریکراوی بۆ دانەنابوو.لەلایەکی‌ترەوە بۆ هەمان مەبەست لە"قاهیرە"ئەحمەد ئەبو ئەلغەیظ"ی وەزیری دەرەوەی میسری پێشوازی لە"حامد ئەلخفاف"ی نوێنەری سیستانی کردبوو.

جێی باسە سیستانی ساڵی پار لەپێش هەموو ئەو کەسانەوە بوو کە داوای سازدانی هەڵبژاردنی دەکرد.

قاسم داود باس لە هەڵمەتی پاکسازی شاری موسڵ دەکات و عەللاوی ڕەتی ئەکاتەوە

قاسم داود وەزیری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی ئێوارەی چوارشەممە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەپرۆسەیەکی سەربازی چاوەڕوانکراو کرد بۆ سەر شاری موسڵ و ووتی:(براکانمان لەشاری موسڵ پرۆسەی پاکسازی گشت مۆلگە تاوانبارەکان ئەنجام دەدن)بەڵام داود هیچ وادەیەکی‌بۆ دەستپێکردنی ئەم پرۆسە سەربازی‌یە دیاری نەکرد تەنها ئەوەندەی ووت:بەم زووانە ئەنجام دەدرێت.

د.ئەیاد عەللاویش لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەموو ئەم قسانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند(هیچ نیازێکمان نیە هێرش بکەینە سەر شاری موسڵ وەك ئەوەی کرایە سەر فەلوجە)هەروەها عەللاوی ڕەخنەی لەو ئاژانسانەی دەنگ و باس گرت کە لێدوانەکەی"قاسم داود"یان بلاوکردۆتەوە،چونکە واپێدەچێت حکومەتی عێراقی دووچاری ئیحراج بوون کردبێت.

جێی باسە ئەمە چەندین جارە بەرپرسەکانی حکومەتی عێراقی یەکتر بە درۆ دەخەنەوە.

موشەکێك بە دوو تیرۆریستی عەرەبدا دەتەقێتەوە

کاتژمێر ٩:١٥ دەقیقەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٤ دوو تیرۆریستی عەرەب کە خەڵکی گوندی"باجوان"ی نزیك شاری کەرکوك بوون لەو کاتەی لە نزیك "مطار السمتیات"دەیان ویست موشەکێك بهاونە ناو کۆمپانیای نەتەوە،موشەکەکە بەخۆیاندا تەقی‌یەوەو یەکێکیان بەناوی"ئەحمەد خەلەف"کوژرا،ئەوی‌تریشیان بریندار بوو بەناوی"حەیدەر".

شایانی باسە دوابەدوای ڕووداوەکە خەڵکی گوندەکە چوون بەدەنگ ڕووداوەکەوەو ویستیان تەرمی کوژراوەکە بهێننەوە،بەڵام پۆلیس تەقەی لێکردن و دووری خستنەوە،پاشان هێزەکانی ئەمریکا گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی کوژراوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد،بریندارەکەشیان تەسلیمی بنکەی پۆلیسی ئازادی کرد کەحاڵی حازر لەنەخۆشخانەی ئازادی لەژێر چارەسەری‌دایە.جێی ئاماژەپێکردنە یەکێك لەپۆلیسەکان لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند کەپێش دوو ڕۆژ "ئەحمەد خەلەف"بەبیانووی مەڕ لەوەڕاندن لەو ناوەدا دەسوڕایەوە،پۆلیس گومانی لێکرد و دەستگیریان کرد،پاش لێکۆڵینەوە بەرەلایان کرد.

پۆزش

داوای لێبوردن لەسەرجەم خوێنەرانی "هەواڵ" دەکەین بۆ ئەو هەڵەیەی کە لە ژمارەی (١١٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٥/١/١ ڕوویدا کە لە جیاتی (٢٠٠٥) لە هەندێ لاپەڕەکانیدا مێژووەکە بە (٢٠٠٤) مابووەوە لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو لایەك